من نێردراوی خودام بۆ لای تۆ؛ بۆ ئەوەی پێت بڵێم: خوای گەورە تۆی خۆشدەوێت هەروەکو چۆن تۆ ئەوت خۆشدەوێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاوێک سەردانی برایەکی کرد لە گوندێکی تردا، بۆیە خوای گەورە فریشتەیەکی نارد بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگاکەی چاوەڕێی بکات، کاتێک گەیشتە لای فریشتەکە، (فریشتەکە) ووتی: بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش ووتی: دەمەوێت سەردانی برایەکەم بکەم لەم گوندە، (فریشتەکە) ووتی: ئایا دەتەوێت پاداشتی بدەیتەوە بەهۆی ئەوەی چاکەیەکی بەرامبەرت کردووە؟ (پیاوەکە) ووتی: نەخێر، تەنها من لە پێناو خوای گەورە خۆشمدەوێت، (فریشتەکە) ووتی: من نێردراوی خودام بۆ لای تۆ؛ بۆ ئەوەی پێت بڵێم: خوای گەورە تۆی خۆشدەوێت هەروەکو چۆن تۆ ئەوت (ئەو برایەت) خۆشدەوێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە پیاوێک لە ئومەتەکانی پێشوو سەردانی برایەکی کرد کە لە گوندێکی تر بوو؛ بۆیە خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ نارد لەسەر ڕێگاکەی بۆ ئەوەی بیپارێزێت وچاودێری بکات، وفریشتەکە پرسیاری لێبکرد کە بۆ کوێ دەچێت؟ (-خودا زاناترە- وا دیارە فریشتەکە خۆی کردووەتە سەر شێوەی مرۆڤ)، پیاوەکە پێی ووت کە ئەو دەچێت بۆ ئەم گوندە بۆ ئەوەی سەردانی برایەکی بکات لە پێناو خوای گەورە، فریشتەکە پرسیاری لێبکرد ئایا ئەو کەسە خزمەتکاری ئەوە، یان منداڵێتی کە دەبێت خەرجی لەسەر بکات وڕەحم وبەزەیی پێدا بێتەوە، یان بەرژەوەندییەکی هەیە لەم سەردانی کردنەدا؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، من تەنها لە پێناو خوای گەورە خۆشم دەوێت ودەمەوێت بەهۆی ئەم سەردانیکردنە خودا لێم ڕازی بێت، وفریشتەکە پێی ووت کە ئەو نێردراوە لە لایەن خوای گەورەوە؛ بۆ ئەوەی پێی بڵێت خوای گەورە تۆی خۆشدەوێت هەروەکو چۆن ئەو برایەت لە پێناو خوای گەورە خۆشدەوێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3136